دارا محمد علی

## گەورە نیگارکێشی کورد لە وەزارەتی پەروەردە (هەولێر) بەبێ ڕەزامەندی خۆی گواسترایەوە

نیگار کێش (دارا محمد) کەسێکی ناسراوەو پێویستی بە هیچ پێناسەیەك نیە تاوەکو وەسفی بکەین. لاپەڕەکانی گۆڤاری منداڵان شاهێدن لەسەر بەرزیو دەست ڕەنگینی ئەو. یەکێك لەم گۆڤارانە (گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە)یە کە لە وەزارەتی پەروەردەی هەولێر مانگانە دەردەچێت. مامۆستای بەڕێزیش بەڕێوەبەری هونەری ئەم گۆڤارە بوو. دڵنیام بینینی یەك ژمارە بەسە بۆ ئەوەی بە بەرزی ئاستی مامۆستاو دەست ڕەنگینیەکەی ئاشنابین. بەڵام مخابن، لە وڵاتێکی وەکو ئەوەی ئێمەو لە وەزارەتێکی پڕ گەندەڵی وەك پەروەردە دەبێت مامۆستا چۆن ڕێزی بگیرێتو پاداشت بکرێت.

مامۆستاو پێنج لە هاوکارانی کە لە هۆبەی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردە کاردەکەن، لە بەرواری (2006/1/16) بە فەرمانی وزاری (563) فەرمانی گواستنەوەیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی هەولێر بۆ دەرچووە بەبێ ئەوەی ئاگادار بکرێنەوە. هەر بەهەمان فەرمانیش لە (2006/2/1) دەست لەکارکێشانەوەیان بۆ دەرکراوە. بەڵام هیچ کام لەم فەرمانبەرانە بە گواستنەوەو دەست لەکارکێشانەوەیان نەزانیوە تا بەرواری (2006/2/2) تەنانەت بواری ڕادەربڕینیشیان لەسەر بابەتەکە بۆ نەهێشتوونەتەوە. لە فەرمانەکەشدا هیچ پاساوێکیان بۆ گواستنەوەیان دیاری نەکردووە. هەموو فەرمانەکانیش بە ئیمزای بریکاری وەزارەت (محمد اسماعیل محمد) دەرچووە، ئەویش تا ئێستا ئامادە نیە هیچ شتێك دەربارەی گواستنەوەی ئەم فەرمانبەرانە بڵێت.. تەنانەت ڕازی نیە چاویشی پێیان بکەوێت، هەر لە ڕێگەی سکرتێرەکەیەوە بۆ لای بەڕێوەبەری دیوان بەڕێیان دەکات بە پاساوی ئەوەی ئەو هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نیە. ئەی باشە ئیمزاکەی مانای چی دەگەیەنێت؟؟!!

بەڕێوەبەری گشتی دیوان (کمال حمد)یش هیچی لە هەگبەدا نیەو ئەویش بریکار ئاسا ناوێرێت ڕاستی بابەتەکە بدرکێنێت.. بەڵام هەر هیچ نەبێت ئەو بە یەکێك زلە فەرمانبەرەکانی گوتووە (ئەمە حەزی وەزارەتەو وەزارەتەکەیان وا دەخوازیچت ئەم فەرمانبەرانە دەربکرێت).

جا لێرەوە ئێمەش کۆمەڵێك پرسیارمان لەلا گەڵاڵە بووەو دەمانەوێت ئاراستەی لایەنی پەیوەنداری بکەین:-

1. لەنێو ئەو هەموو گرفتو گێژاوەدا، جەنابی وەزیری پەروەردە لە کوێیە؟
2. (حەزی وەزارەت) چیەو هی کێیە؟ دەکرێت بەسەر مافی فەرمانبەرانیدا زاڵ بکرێت؟
3. هۆی گواستنەوە ئەم شەش فەرمانبەرە چیە، بۆ روون ناکرێتەوە؟ دەکرێت ئەو دەستە گڵاوەی کە لە پشت ئەم بابەتەوەیە بە کارە خراپو بەدەکانی خۆیەوە شانازی بکاتو وەزارەتێکی حکومەتیش بۆی جێبەجێ بکات؟ ئەی لەناوبردنی گەندەڵیو بانگەشەی دیموکراتیو یەکێتیو یەکگرتنو تەوافق مانای چیە؟؟
4. لە وەزارەتێکی وەك پەروەردە، کەسێکی وەك (دارا محمد) کە زۆربەی ژیانی خۆی بۆ پەروەردەکردنو رۆشنبیرکردنی مندالان تەرخان کردووە، بەم شێوەیە رێزی لێ دەگیرێتو سوپاسی دەکرێت؟
5. وەزارەتی پەروەردە بۆ پێشخستنی رەوشی پەروەردە کاردەکات یان بۆ پەکخستنی بەشەکانی وەزارەت، بەتایبەت (ئاسۆی پەروەردە)؟
6. بریکاری وەزارەتە بە چ یاسایەكو دەستورێك فەرمانی گواستنەوەو دەست لەکارکێشانەوەی ئەم فەرمانبەرانەی ئیمزا کردووە لە کاتێکدا فەرمانبەران خۆیان رەزامەندیان لەسەر نیەو هیچ هۆیەکی ئیداریو هونەریش لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیان بەرز نەکراوەتەوە بۆ دەرکردنیان یاخود پێویستی پێنەبوونیان؟
7. دەکرێت وەزارەتێك کە پڕوپاگەندەو بانگهێشت بۆ مافی مرۆڤو پەروەردەی راستو دروست دەکات خۆی لەلایەکی تر لە ژێر پەردەی گەندەڵی مافی دڵسۆزترین فەرمانبەری خۆی پێشێل بکات؟ تەنانەت بواری رادەربڕینیشیان پێنەدات؟ ئەمە چ جۆرە بانگەشەیەکە؟؟

من داوا لە وەزارەتی پەروەردەی هەولێر دەکەم کە ئەگەر جورئەتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی سەرەوەشیان نیە با بۆ جارێك کەمێك هێز بدەنە خۆیانو بە یەك ووشە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بدەنەوە:-

ئایا ئێوە کورد پەرستن یا حزب پەرست؟؟!!

**سەروین علی**